ڕێکخراوی پەیامنێران ئامارەکانی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵی لە کوردستان بڵاوکردەوە

هەژان قادر، سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێران، ئامارەکانی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵی بڵاوکردەوە، و تێیدا هاتووە کە سلێمانی ئارامترین شار بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان دوای ئەویش هەڵەبجە دێت.

ئاماری شەش مانگی ڕابردوو بەم شێوەیە بوو، 6 حاڵەتی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان، 38 حاڵەتی ڕێگریکردن، 19 حاڵەتی ڕێگە نەدان بە ڕووماڵکردن، 25 حاڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەنووسان لە کارەکانیان، حەوت ڕۆژنامەنووس هێرشیان کراوەتە سەر، 8 حاڵەتی شکاندنی کەلوپەلی ڕۆژنامەنووسان، هەروەها حەوت حاڵەتی سوکایەتیکردن بەرامبەر بە چواردە ڕۆژنامەنووس.